پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی و ستوونی
لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) دا

م. ی. ئەژین ئیبراهیم ساڵح
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردە- کەلار/ زانکۆی گەرمیان

پێشەکی

١- ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی و ستوونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت)دا کە تیایدا پەیوەندی و پێکەوەهاتنی وشەکانی ناو دێڕە شیعرەکان لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا دەستنیشان کراوە.

٢- گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:

پەیوەندییە واتاییەکان بابەتێکی واتاسازییە بریتین لە پەیوەندی و پێکەوە هاتنی وشەکانی زمان بەمەبەستی گەیاندنی واتای تەواو بەئەنجام گەیاندنی کردەی ئاخاوتن، یان گونجاندنی وشەکانی زمانە لەگەڵ یەکتریدا و دووبارە بوونەوەی لە ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستەی واتاداردا، ئەم دیاردانەش بەزۆری لە زمانی ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تائێستا توێژینەوەی لەم جۆرە لە شیعردا بەتایبەتیش لە شیعرەکانی شاعیر (لەتیف هەڵمەت)دا بەرچاو ناکەوێت.

٣_ ڕێباز و کەرەستەی توێژینەوە:

بۆ لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی وەسفی پەیڕەو کراوە چونکە شیعرەکان بە زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆی کوردی دەربڕاون. بۆ کەرەستەی توێژینەوەکە سوود لە شیعرەکانی شاعیر لەتیف هەڵمەت وەرگیراوە و دیاردەکانی ناو پەیوەندییە واتاییەکانی تێدا خراوەتە ڕوو.

٤_ بەشەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی پەیوەندیی واتایی و جۆرەکانی پەیوەندیی واتایی کراوە و دیاردەکانی ناو پەیوەندییە واتاییەکان بەڕوونی خراوەتە ڕوو.

لە بەشی دووەمدا دیاردەی واتایی لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا لە شیعرەکاندا خراونەتە ڕوو.

بەشی یەکەم/پەیوەندییە واتاییەکان(semantic relations):

١- چەمکی پەیوەندیی واتایی:

((پەیوەندییە واتاییەکان لە فەلسەفەوە نزیکترە وەك لە زمانەوانییەوە، بەڵام تائێستاش زمانەوانان خۆیان لە تووشبوونی قەیرانی لێکدانەوەی فەلسەفی واتا و جیاوازیی نێوان پەیوەندییە واتاییەکان دەپارێزن و لە چوارچێوەی زمانەوانیدا لە واتا و پەیوەندییە واتاییەکان دەکۆڵنەوە)). (دارا حمید، ٢٠١٠،ل٦٥)

پەیوەندیی واتایی نێوان وشەکان ئەو پەیوەندییەیە کە وشەیەك لەگەڵ وشەکانی تری زماندا لەڕووی واتاوە بەیەك دەبەستێتەوە، هەروەها بە پەیوەندیی شوێنی ئاماژەی بۆ دەکرێت، واتا هەر وشەیەك کە لە زماندا بەکاردێت، لەڕووی واتاوە دوو جۆرە پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی تردا دروست دەکات، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پەیوەندیی نێوان وشە و شت (تەن): ئەم جۆرە پەیوەندییە دەکەوێتە دەرەوەی زمان.

٢- پەیوەندیی نێوان وشە و وشەکانی تری زمان: ئەم جۆرە پەیوەندییەش دوور و نزیکی وشەکە نیشان دەدات، لەگەڵ وشەکانی تردا لە ناوەوەی زماندا. (تالیب حوسێن، ٢٠١١،ل٥٩)

مەبەست لە پەیوەندیی واتایی بریتییە لەو پەیوەندییەی لەنێوان دانە زمانییەکاندا هەیە لە ئاستی ستوونی (پارادیگماتیك) و لە ئاستی ئاسۆیی (سینتاگماتیك)، کە

لەسەر بنەمای واتاکانیان پەیدا دەبێت، ئەمیش پەیوەستە بەدنیای ڕاستی و ڕاستەقینەی دەرەوەی زمان، یاخود بەڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی، چونکە ئاشکرایە، کە چەمکی پەیوەندیی واتایی ئاڵۆزە، وەك هەر دیاردەیەکی تر لە جیهاندا، بوونی پەیوەندیی واتایی لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، ئایا مەبەستمان لە پەیوەندیی نێوان هێما زمانییەکانە؟ یاخود پەیوەندیی نێوان واتای هێماکانە؟ یاخود لەنێوان ئەو شتانەی کە هێماکان دەیاننوێنن؟

پەیوەندییە واتاییەکان لەسەر بنەمای واتا و چەمکەکانیان، کە ئەویش پەیوەستە بە شتێك لە دەرەوەی زمان کە هێما زمانییەکان دەینوێنن، یاخود پەیوەستە بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە، بۆنموونە کاتێك باس لە پەیوەندیی نێوان وشەکانی (سارد، گەرم) یاخود (باش، خراپ) دەکەین، باسی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو هێما زمانییە دەکەین لەسەر بنەمای ئەو واتایانەی کە دەیگەیەنن، دژ واتای یەکترن، ئەم واتایەش پەیوەستە بە دنیای دەرەوەی زمان، چونکە ساردی و گەرمی یاخود باشی و خراپی لە دنیای دەرەوەدا دژی یەکترن، بە هەمان شێوەش کاتێك باس لە پەیوەندیی نێوان هاو واتاکان دەکەین، کە دوو هێما لە فۆرمدا جیاوازن، بەڵام واتایان یەکە یاخود لەیەکەوە نزیکن، چونکە ئەو شتەی لە دنیای دەرەوە دەیگەیەنن یەك شتە یاخود لەیەکەوە نزیکن وەك (پاك، خاوێن).

((هەروەها کاتێك هێمایەك دوو واتا یان زیاتر بگەیەنێت، لەسەر بنەمای ئەو واتایانەی دەیگەیەنێت دەڵێین هاوبێژە یان فرەواتایە، لە هەمان کاتدا چەند شتێکی جیاوازیش لە دنیای دەرەوە دەگەیەنێت، بەڵام هەندێك پەیوەندیی هاوڕێیەتی و واتای هەندێك هێمای زمانی وەك (دێو، شەیتان، هێزی خێر......) پەیوەست نین بە دنیای دەرەوە، بەڵکو پەیوەستن بەڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە.)) (فەرهاد تۆفیق حەسەن،٢٠١٠،ل ٣٠-٣١)

کەواتە پەیوەندیی واتایی پەیوەندیی نێوان وشەکانی زمانە لەگەڵ یەکتریدا، کە ئەو پەیوەندییە بە جۆرێکە وشەیەك لەگەڵ وشەکانی تردا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن دێت لەگەڵ یەکتریدا، بۆنموونە ناتوانرێ بوترێت:

* دەفتەرەکە شکا.

چونكە شكان بۆ ماددەیەكی ڕەق بەكاردێت و لەگەڵ دەفتەر پێویستە وشەی دڕان بەكاربێت، ئەمەش پەیوەندیی نێوان وشەكانە لە ڕستەدا.

٢ پەیوەندیی واتایی:

پەیوەندیی نێوان هێما زمانییەكانە، لەسەر بنەمای واتاكانیان، پەیوەستە بەو شتەی لە دەرەوەی زمان دەیگەیەنن یاخود بە ڕێككەوتنێكی كۆمەڵایەتییەوە.

((یاخود بریتییە لەو پەیوەندییە واتاییانەی لەنێوان وشەكاندا دەبینرێت لە دروستەی ژمارەیەكی بێ كۆتا لە ڕستەی واتاداردا.)) (فەرهاد تۆفیق حەسەن،٢٠١٠،ل٣١)

پەیوەندییە واتاییەكان بریتین لە پەیوەندی و پێكەوە هاتنی كەرەستەكانی زمان بەشێوەیەكی ئاسایی یان بەناچاری، بەمەبەستی زیاتر ڕوونكردنەوەی واتای وشە و بەلوتكە گەیاندنی كردەقسەییەكان و ئەنجامدانی تەواوی كردەی گەیاندن.

((بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە پەیوەندییە واتاییەكان تەنها لەنێوان وشەكانی زماندا هەبن، بەڵكو ئەو دیاردەیە لە ڕستە و سەرووی ڕستەشدا هەیە، چونكە زۆربەی ئەو زمانەوانانەی لە پەیوەندییە واتاییەكانیان كۆڵیوەتەوە گرنگییان بە واتای ڕستە داوە و پەیوەندیی واتایی نێوان مەبەستی ڕستەكە و واتای وشەكانی ڕستەكەیان ڕوون كردۆتەوە)). (دارا حمید،٢٠١٠،ل٦٥)

٣- جۆرەكانی پەیوەندییە واتاییەكان:

بەشێوەیەكی گشتی هەر لە سەردەمی سۆسێرەوە دوو جۆر پەیوەندیی واتایی لەنێوان یەكەكانی زماندا دیاریكراوە، كە (پەیوەندیی ئاسۆیی syntagmatic) و (پەیوەندیی ستوونی paradigmatic)ن.

١- پەیوەندیی ئاسۆیی یان هاونشینی (syntagmatic) :

بریتییە لەو پەیوەندییانەی كە لەسەر ئاستێكی ئاسۆیی لەنێوان دانەكانی زماندا هەن، ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان بەشەكانی پێكهاتەیەك یاخود گرێیەكدا هەن، بریتین لەپەیوەندیی سینتاگماتیكی، چونكە ئەو جۆرە پەیوەندییە ڕەهەندی ئاسۆیی زمان لە فۆنیمێك یاخود وشەیەك لەگەڵ وشەیەكی تر لە ڕستەدا دەردەخات. تراسك

لەسەر ئاستی ڕستەسازی پەیوەندیی سینتاگماتیکی لەنێوان (بکەر و کردار)دا دەبینێت، بۆنموونە ڕستەیەکی وەك (ئاسۆ ماسییەکی گرت و برژاندی و خواردی)دا، کەرەستەکان لە پەیوەندییەکی لۆژیکی و ڕێزمانیدان بەتێکدانی ڕیزبەندییەکە پەیوەندییەکان تێکدەچێت. (فەرهاد تۆفیق حەسەن،٢٠١٠،ل٣٣)

((یان پەیوەندیی ئاسۆیی بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان ئارگۆمێنتەکان بەپێی گونجان و دەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتریدا لە قاڵبی فرێز و ڕستەدا. بەمەش زۆرجار نرخ و بەهای ئەو ئارگۆمێنتانە لەڕێی پەیوەندییەوە لەگەڵ ئارگۆمێنتەکانی تری فرێز و ڕستە، چ لە پێشەوە یان لە دوایەوە بێت بەدەست دێت.)) (دارا حمید ٢٠١٣،ل٤٨)

((لەم پەیوەندییەدا دەبێت ئاگاداری کاری (تێپەڕ و تێنەپەڕ)بین، چونکە کاری تێپەڕ پێویستی بە سێ کەرەستە هەیە کە بریتین لە (بکەر و بەرکارو کردار)، هەروەها تێنەپەڕ پێویستی بە دوو کەرەستە هەیە کە بریتین لە (بکەر و کردار)، واتە لە پەیوەندیی ئاسۆییدا ئیشمان لەسەر بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و کرداری ڕستەکە هەیە، هەر بۆیە ئەم پەیوەندییە دەچێتە حاڵەتی سینتاکسەوە)). (نەریمان عبدالله خۆشناو ٢٠١٤،ل١٥١)

پەیوەندیی ئاسۆیی دوو جۆرە:

یەکەم / هاوڕێیەتی. دووەم /هەمبەری :

یەکەم / هاوڕێیەتی:

بریتییە لە هاتنی یەکە لێکسیکییەکان بەیەکەوە، ئەمیش دووجۆرە:

أ- پەیوەندیی ئاسۆیی ئاسایی:

بریتییە لەو پەیوەندییە ئاسۆییانەی لەنێوان پێکهاتە و فرێزەکانی ڕستەیەکدا هەیە، پەیوەندیی سینتاکسی ئاسایی نێوان وشەکانی ڕستەیە لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و یەکدی تەواوکردن دامەزراوە.

ب- پەیوەندیی ئاسۆیی هاوڕێیەتی بە بەرد بوو/چەسپیو:

ئەو پەیوەندییە ئاسۆییانەن، کە بەزۆری لەنێوان دوو فرێز یاخود دوو وشەدا هەن، ئەمەش لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان و زۆر بەیەکەوە هاتنی ئەو دووانە و

ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر نیشانە واتاییەکانیان. وەك:

سەگ____وەڕین دەنگ
سەگ
گورگ____لووراندن دەنگ
گورگ
کوڕ____قۆز جوانی
نێر
کچ____جوان جوانی
مێ

دووەم / هەمبەری :

بریتییە لە بەیەکەوە نەهاتن و نەگونجانی دوو وشە لە فریزێکدا یاخود دوو فریز لە ڕستەیەکدا ، ئەمیش دوو چەشنی هەیە:

١- هەمبەری سینتاکسی: هەڵنەکردنی سینتاکسی- سیمانتیکی بەستنەوەی لێکسیمەکانی ناو ڕستەیە لەگەڵ یەکتردا.

وەك/ * ئازاد بەرد دەخوات.

ئەم ڕستەیە، ڕێزمان دروستە بەڵام واتا ناڕاستە.

٢- هەمبەری فریزی:

ئەمیش لەسەر دوو بنەمایە :

أ- ((بنەما دنیای ڕاستەقینەی دەرەوەی زمان ، بۆنموونە لەبەر ئەوەی ئێمە لە دنیای دەرەوەدا مانگای سەوزمان نییە، بۆیە سەوز و مانگا بەیەکەوە نایەن، یاخود لەبەر ئەوەی لە دنیادا ماست و شیر تەنها سپی هەیە، ناڵێین شیری سپی یان ماستی سپی.

ب- لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی کۆمەڵەکان ڕێککەوتنی جیاجیا هەیە لەسەر هەندێك نیشانەی واتایی کەرەستە و وشەکان، بۆیە ناتوانین هەندێك وشە هەن بەیەکەوە کۆیان بکەینەوە، ئەگەر کۆشمان

کردنەوە ئاخێوەرانی زمانەکە هەست دەکەن تێکەڵییەکمان کردووە، بۆنموونە لە زمانی کوردیدا ڕێککەوتن هەیە لەسەر ئەوەی ئاوەڵناوی (قۆز) بەرامبەر بە(کوڕ) و ئاوەڵناوی (جوان) بەرامبەر بە (کچ) بەکار بهێنرێت ، هەر بۆیە (* کوڕی جوان) و (*کچی قۆز) بە یەکەوە نایەن)). (فەرهاد تۆفیق حەسەن،٢٠١٠،ل٣٣-٣٤)

٢- پەیوەندیی ستوونی یان جێنشینی (paradigmatic):-

((بریتییە لە پەیوەندیی نێوان وشەیەکی ڕستە، لەگەڵ وشەیەکی تری زمانەکە، کە بتوانن جێی یەکتر بگرنەوە، واتە بتوانرێت وشەیەکی ڕستەیەك بگۆڕرێت بە وشەیەکی تری زمانەکە لە دەرەوەی ڕستەکە، بەڵام لە هەمان ژینگەی زمانی بێ ئەوەی کار لە پێکهاتەی ڕێزمانیی ڕستەکە بکات.)) (دارا حمید،٢٠١٠،ل٦٧)

((پەیوەندیی ستوونی بەو پەیوەندییە دەوترێت، کە بەشێوەیەکی ستوونی کاردەکات، ئەویش بریتییە لە دیاریکردنی فەرهەنگی نێوان وشەکان لەهەمان شوێنی وشەی نێو ڕستەکە.

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی پەیوەندیی ستوونی ئەوەیە، کە بەشە ئاخاوتنەکانی زمان دیاریدەکات، بە واتایەکی تر پۆلە زمانییەکان دیاری دەکات، کە بریتین لە: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو،.....) (نەریمان خۆشناو،٢٠١٤،ل١٥٢).

هەروەك لەم ڕستەیە دەیخەینە ڕوو:

کارزان نانی خوارد.

بەناز میوەی کڕی.

ئەحمەد وانەی خوێند.

شیلان چێشتی لێنا.

((ئەو پەیوەندییانەن لەسەر ئاستی ستوونی لەنێوان دانە زمانییەکاندا، لە ئاستی فۆنیم و مۆرفیم و وشە و فرێزدا لە هەمان ژینگەدا هەن. ڕەهەندی ستوونیی زمان لە بونیادگەری سۆسێردا ئەو پەیوەندییە لەجیاتییە کە یەکەیەکی زمانەوانی لەگەڵ یەکەیەکی دیی زمانەوانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا هەیەتی.

ئەم پەیوەندییانەش لەسەر ئاستی فۆنیم، وەك (ساڵ ، داڵ ، زاڵ ،کاڵ ، خاڵ،.....)، لەسەر ئاستی بەشەکانی ئاخاوتن، وەك (ناوەکان ، ئاوەڵناوەکان ، جێناوەکان،....)، و لەسەر ئاستی ئەرك و فرێزەکانی ڕستە ، وەك (بکەرەکان ، بەرکارەکان ، کردارەکان،...)، لەسەر ئاستی واتاش (هاوواتا، دژواتا، گرتنەوە،....).)) (فەرهاد تۆفیق حسن،٢٠١٠،ل٣٥)

((هەردوو پەیوەندیی ستوونی و ئاسۆیی دەتوانرێت لەسەر یەك ڕستە جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەریەکەیان بە ئاڕاستەی خۆی.)) (نەریمان خۆشناو،٢٠١٤،ل١٥٢)

کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیی ئاسۆیی سەر بە ئاستی سینتاکسە و لەو بوارەدا کاردەکات و پەیوەندیی دانەدانەی وشەکانی نێو ڕستە بەیەکەوە گرێ دەدات، بەڵام ئاستی ستوونی سەر بە ئاستی واتایە و بە ئاڕاستەی وشەسازی کاردەکات.

٤- دیاردەکانی ناو پەیوەندییە واتاییەکان:

((هەبوونی پەیوەندی لەنێوان وشەکانی زماندا، هۆیەکە لە هۆیەکانی گۆڕانی واتا و پێشکەوتنی وشە، کە دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە لە هەمو زمانێکدا و هیچ ئاستەنگ و بەربەستێك ناتوانێت ڕێ لە ڕوودانی بگرێت، چونکە وشە وەك گیانلەبەر لە بوون و زاوزێ و پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدایە و جۆرەها گۆڕان بەسەر ڕواڵەت و ناوەڕۆکیدا دێت بەپێی پێویست و توانای، بۆیە نابێت سەرپێیی و ڕووتی سەیری ڕواڵەتە دیار و واتا باو و ناسراوەکەی بکەین، چونکە وشە لق و پۆپی لە دەیەها وشە و ڕستە و ئیدیۆمدا بڵاو دەکاتەوە بە گوێرەی فراوانی بەکارهێنانی.)) (دارا حمید،٢٠١٠،ل٧٨).

((دیاردەی واتایی ئەو دیاردانەن، کە لە ناو پەیوەندییە ستوونی و ئاسۆییەکاندا سەر هەڵدەدەن، دیاردە واتاییەکان یەکێکن لەو دیاردانەی هەر لەکۆنەوە لەلایەن زمانەوانەکانەوە گرنگی پێدراوە، چ لەلای ئەوروپییەکان بێت یان لای عەرەبەکان، لەناو زمانەوانە کوردەکانیش گرنگی پێدراوە، زمانەوانەکان زاراوەی جیایان بۆ داناوە، هەندێکیان بە کێشەی واتایی ناوی دەبەن، هەندێکی تر بە پەیوەندیی واتایی و هەندێکیشیان بە دیاردەی واتایی)). (فەرهاد تۆفیق حەسەن،٢٠١٠،ل٣٧)

گۆڕانی واتای وشە و توانستی بەکارهێنانی لە شوێنی جیاواز و گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆردا، زۆرجار دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەکانی (هاوواتایی، دژواتایی، هاوبێژی، فرەواتا، لێڵی، هایپۆنیم، بوارە واتاییەکان.) لەزماندا. (دارا حمید،٢٠١٠،ل٧٨)

پەیوەندیی واتایی لەسەر ئاستی هەرسێ پەیوەندییەکە سەر هەڵدەدەن، واتە پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونی و کێڵگەی واتایی.

أ- لەسەر ئاستی پەیوەندیی ستوونی زمانەوانەکان ئەم دیاردانەیان باسکردووە:

١- هاوواتا:

بریتییە لەوەی کە دوو وشە/دوو یەکەی زمانی لە هەموو ژینگەیەك، یاخود لە ژینگەیەکی دیاریکراودا، بەیەك واتا بێت. (فەرهاد تۆفیق حەسەن،٢٠١٠،ل٣٧)

((دیاردەی هاوواتایی بەیەکێك لە پەیوەندییە هەرە گرنگەکانی نێوان وشەکانی زمان دادەنرێت، وشەی هاوواتا بەو وشانە دەوترێت کە یەك مانا دەبەخشن یان مانایان لێك نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوە و نووسیندا جیاوازن.)) (داراحمید،٢٠١٠،ل٧٩)

وەك/کەنیشك، کچ، کیژ، دوێت

مەت، پوور، پلك، میمك. (غازی علی خورشید،٢٠١١،ل٨٣)

٢- دژواتایی:

یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان، لە واتاسازیی وشەدا بەو وشانە دەوترێت کە لە مانادا بەرامبەر بە یەك دژ وەستاون، یان بریتییە لە دوو وشەی جیاواز، کە دوو واتای جیاوازی دژ بە یەکیان هەیە، کەواتە دژواتا وەك دیاردەیەکی دوو لایی پەیوەندیی نێوان دوو شت، یان دوو کەس نیشان دەدات، کە بیری دژایەتی و بەرەنگارییان بەرامبەر یەکتر تێدایە. (تالیب حوسێن، ٢٠١١،ل٨٨)

وەك/ کوڕ × کچ

جوان× ناشرین

سارد × گەرم

٣- داپۆشین (هایپۆنیم):

ڕەنگدانەوەی تایبەتییەکی مێشکە توانای پۆلکردن یان دابڕینە: ڕەنگ وشەیەکی گشتییە باڵ بەسەر- سپی و ڕەش و سەوز و زەرد و سوور و شیندا دەکێشێ. هەروەها گوڵ ئەندامانی پۆلە گشتییەکەی بریتین لە گوڵە باخ، مێخەك، گوڵاڵەسوورە، نەسرین.....(محمد معروف فتاح،١٩٩٠،ل١٦٣)

کەواتە هایپۆنیم وشەیەك کۆمەڵە وشەیەکی تر لەژێر سایەی خۆیدا کۆدەکاتەوە، مەرج نییە هەمو وشەکانی زمان بەو شێوەیە وشەیەك بیانگرێتەوە بە وشە گشتییەکە دەڵێن داپۆشین و وشە تایبەتییەکانیش هایپۆنیم.

٤-لێڵی:

لە فەرهەنگدا زۆرجار وشەکانی زمان بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکاردێن، جیاوازی بەخشینی واتای هەر کەرەستەیەکیش-وشە یان ڕستە- بێت، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تێکەڵبوونی ئەو واتایە لای گوێگر، یان خوێنەر. بە واتایەکی تر هەر کەرەستەیەك لە دوو واتا یان زیاتر بگەیەنێت، ئەوا ئەو کەرەستەیە تەمومژاوییە. ئەمەش لەئەنجامی هەندێ دیاردەی زمانی لە وشەکاندا ڕوودەدەن و دەبنە هۆی تەمومژیی واتایی (فەرهەنگی) وەك لە دیاردەکانی هاوبێژی و فرە واتا دەبینرێن.

٥- هاوبێژی:

هەندێ جار دوو وشەی واتا جیاواز یەك فۆرم وەردەگرێت، ئەمەش سێ جۆری هەیە:

١- هاودەنگ: ئەو وشانەن کە لە وتندا لەیەکتر دەچن، بەڵام جیاواز دەنووسرێن (لە کوردیدا نییە).

٢- هاوپیت: ئەو وشانەن کە لە نووسیندا وەك یەکن، بەڵام جیاواز دەوترێن. وەك:

هەمانە____توورەکەی لە پیست دروستکراو

____شتێکمان هەیە

٣-هاوبێژیی تەواو: ئەو وشانەن کە لە نووسین و وتندا وەك یەکن. وەك:

ئاش____ جێی هاڕین

____ چێشت

٦-فرە واتا:

هاتنی دانەیەکی فەرهەنگی بە زنجیرەیەك واتای جیاوازەوە. وەك:

زمان: ئەندامێکی لەش

زمان لغە

بەرپێی خۆی نابینێت: کەسێك چاوی باش نەبینێت.

کەسێکی نەشارەزا و نەزان.

کەسێکی لەخۆبایی بوو. (دارا حمید،٢٠١٠،ل١٢٨-١٢٩)

ب-لەسەر ئاستی پەیوەندیی ئاسۆیی ئەم دیاردانەی(*)

١-هاوڕێیەتی:

أ-ئاسایی ب-بەبەرد بوو/چەسپیو.

٢-هەمبەری:

أ-سینتاکسی ب-فرێزی

(*) لە پەیوەندیی ئاسۆییدا دیاردەکانی هاوڕێیەتی و هەمبەری بەوردی لە لاپەڕەی( ) باسمان کردووە.

بەشی دووەم
دیاردەی واتایی ئاسۆیی و ستوونی لە شیعرەکانی شاعیر (لەتیف هەڵمەت)دا

١/٢- دیاردەی واتایی لە ئاستی ستوونیدا:

یەکەم: دژیەك:

من هیچم نەدی
کورسییەکی بێ قاچ نەبێ
کچێکی لەسەر درێژ بووبوو
نازانم کچەکە ڕووت بوو
یا پۆشتە (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠٠٦: ٤٧٣)

لێرەدا شاعیر زۆر بەوردی وشەکانی بەکارهێناوە، وشەی (ڕووت × پۆشتە) دیاردەیەکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی وشەکانی زمان کە ئەویش دیاردەی دژ یەکە.

٢- من لەتیف هەڵمەتم
خەو بە جەنگی ئاشتییەوە دەبینم
لە هەڵە جوانەکانمدا
بەختی کچان دەخوێنمەوە (ل:١٢)

هەروەها وشەکانی (جەنگ و ئاشتی) و (هەڵە و جوان) دوو دیاردەی دژیەکن.

٣- کە خۆشەویستی لەدایك بوو
ڕق هاتە کایەوە
کە خۆر کەوتە گڕوگاڵ
تاریکی ڕێی لێ گرت
کە ڕاستی پێی گرت
درۆ چەقۆی لێ تیژ کرد (ل:٦٥)

شاعیر زۆر بەجوانی وشەکانی (خۆشەویستی، ڕق) و (خۆر، تاریکی) و (ڕاستی، درۆ)ی بەکار هێناوە کە دوو دیاردەی دژیەکن.

٤- کە ڕۆژ خۆی ڕووت دەکاتەوە
لە چەمەکاندا مەلە دەکات
تاریکایی لە شووشەیەکدا کۆدەکەمەوە
هەندێ وشەی نوێی پێ دەنووسم (ل:٧١)

هەردوو وشەی (ڕۆژ ، تاریکایی) لە واتادا دژیەکن.

دووەم: لێڵی:

٥- ئەی گوڵ لێرەدا مەڕوێ مەڕوێ
بۆ..بۆ..بۆ..؟
با پریشکی باڕووتی خێڵایەتی
پاکیزەییت نەسمێ..
ئەی با لێرە پیاسە مەکە
بۆ؟
با لە شەڕی حیزبایەتیدا
بە دیل نەگیرێی.. (ل:٣٨)

شاعیر زۆر بەجوانی مەبەستەکانی لە چوارچێوەی پەیوەندیی واتاییدا دەربڕیوە کە هۆکاری جوانی شیعرن، لێرەدا هەردوو وشەی (گوڵ، با) واتایان لێڵە و چونکە زیاتر لە واتایەکیان هەیە کە ئەمانەن:

گوڵ_____ گوڵ/ڕووەك
_____ کچی جوان وەك گوڵ
با_____ با
_____ مرۆڤێکی بێ تاوان

کەواتە هەردوو وشەی (گوڵ و با) واتایان لێڵە، فرە واتان چونکە زیاتر لە واتایەکیان هەیە واتاکانیش لەیەك نزیکن.

٦- زەنگی هەور لێدەدات
به زەوی بڵێن
فەرشە گوڵ گوڵینەکەی ڕاخات
میوانی دێ (ل:٢٣٦)

وشەکانی (زەنگ، فەرش ، میوان) واتایان لێڵە، فرە واتان چونکە زیاتر لە واتایەکیان هەیە واتاکانیش لەیەك نزیکن.

زەنگ____ زەنگی ئاگادار کردنەوە
____ دەنگی بەرز
فەرش_____ فەرش بۆ ڕاخستن و دانیشتن لەسەری زۆر جار ڕەنگاوڕەنگە
_____ ڕەنگین بوونی زەوی بە گوڵ و گوڵزار لە وەرزی بەهاردا
میوان_____ میوان کە سەردانی مرۆڤ دەکات و کەسێکی خۆشەویستە
_____ وەرزی بەهار کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی و پێشوازی لێ دەکرێت

چوارەم: هاوبێژ:

٧- هەور
ژان گرتی
شەو تا بەیانی
ناڵاندی و ناڵاندی
بۆ بەرە بەیانی لافاوی بوو (ل: ٢٥٧)

شاعیر لەم شیعرەدا زیاتر لە مەبەستێکی هەیە، هەردوو وشەی (هەور و لافاو) واتایان لێڵە، هاوبێژن چونکە زیاتر لە واتایەکیان هەیە واتاکانیش لەیەك دوورن.

هەور_____ هەور لە ئاسمان
_____ ژنێك کە منداڵی ببێ
لافاو_____ لافاو کە دوای بارانێکی زۆر ڕوودەدات و زیانی هەیە

ـــــــ دوای لەدایك بوونێکی ناڕەحەت منداڵێکی خراپی لێ دەرچێت

٨- بایەك بازی دایە ئەو باخەوە
ڕەنگە گوڵ
یا میوە بدزێ
یا دەشێ
لەوێ چاوەڕوانی کچێك
بکات (ل:٢٣٩)

وشەی (با) واتای لێڵە، چونکە تەنها مەبەستی شاعیر با ناگرێتەوە، بۆیە هاوبێژە چونکە زیاتر لە واتایەکی هەیە واتاکانیش لە یەك دوورن.

باـــــــ با/ڕەشە با
ـــــــ کەسێکی خراپ

٩- ئەی گوڵ
بە چ زمانێك
لەگەڵتدا بدوێم
بە چ زمانێك
بتلاوێنمەوە
ئەی گوڵ؟ (ل:٢٥٨)

هەروەها وشەی (گوڵ) واتای لێڵە، هاوبێژە چونکە زیاتر لە واتایەکی هەیە واتاکانیش لە یەك دوورن.

گوڵـــــ گوڵ وەك ڕووەکێك
ـــــ کچێك/خۆشەویستەکەی
ـــــ منداڵێك کە پێویستی بەلاواندنەوە هەیە

پێنجەم: داپۆشین (هایپۆنیم):

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد داپۆشین وشەیەکی گشتییە و باڵ دەکێشێ بەسەر وشەیەکی تایبەتیدا کە پێی دەوترێت هایپۆنیم.

١٠- من جوگرافیای زەوی دەگۆڕم
چەند کیشوەرێکی نوێ و
چەند دەریایەکی تازە و
چەند ئۆکیانووسێکی دی و
چەند زنجیرە شاخێکی تر
دروست دەکەم (ل:٢٣٠)

شاعیر زۆر بەجوانی لەم دەقە شیعرییەدا دیاردەی داپۆشینی بەکارهێناوە کە ئەمیش چەند هایپۆنیمێک لەخۆ دەگرێت، (جوگرافیا) وشە گشتییەکەیە و باڵ دەکێشێ بەسەر وشە تایبەتییەکانیدا کە ئەوانیش (کیشوەر، دەریا، ئۆکیانووس، زنجیرەشاخ)ن.

جوگرافیا (داپۆشین)
(کیشوەر ، دەریا، ئۆکیانووس ، زنجیرەشاخ) (هایپۆنیمن)

١١- دروست کردنی قوتابخانەیەك
زۆری تێدەچێ..
هەزاران تەن ئاسن
هەزاران تەن چیمەنتۆ و گەچ و لم و چەو
هەزاران تەن کەرەستەی دی
هتد.
جگە لە بەڕێوەبەر و
مامۆستا و
سەدان ڕیحلە و
دەیان تەختە ڕەشە و
هەزاران قاڵب دەباشیر و
شتی دی (ل:٢٦٨)

بینای قوتابخانە وشە گشتییەکەیە و وشەکانی (چیمەنتۆ و گەچ و لم و چەو بەڕێوەبەر، مامۆستا، ڕیحلە، تەختە ڕەشە، دەباشیر) دەگرێتەوە. واتە بینای قوتابخانە (داپۆشینە) و (چیمەنتۆ و گەچ و لم و چەو بەڕێوەبەر، مامۆستا، ڕیحلە، تەختە ڕەشە، دەباشیر) (هایپۆنیمن).

١٢- کاتەکانم
به ناخی هەفتەدا هەڵدەواسم
هەفتەکانم
به ناخی مانگدا هەڵدەواسم
مانگەکانم
به ناخی ساڵدا هەڵدەواسم
ساڵەکانم
به ناخی تەمەندا هەڵدەواسم (ل:٢٨٧)

(کات) وشە گشتییەکەیە و داپۆشینە وشەکانی (هەفتە، مانگ، ساڵ) دەگرێتەوە و هایپۆنیمن.

دووەم: دیاردەی واتایی لە ئاستی پەیوەندیی ئاسۆیی:

یەکەم/هاوڕێیەتی: ئەم پەیوەندییانە دەگرێتەوە:

١- ئاسایی:

١٣- منداڵێك حەزی لە وێنەکێشان بوو
وێنەی هەتاوێکی کێشا
پۆلیسێك حەزی لەوێنەکێشان بوو
وێنەی زیندانێکی کێشا
ڕاوچییەك حەزی لەوێنەکێشان بوو
وێنەی تاپڕێکی کێشا
کۆترێك حەزی لەوێنەکێشان بوو
وێنەی ئاسمانێکی کێشا (ل:٢٣٥)

لێرەدا پەیوەندیی نێوان وشەکانی(منداڵ و هەتاو) وەپەیوەندیی (پۆلیس و زیندان) و پەیوەندیی (ڕاوچی و تاپڕ) و پەیوەندیی (کۆتر و ئاسمان) پەیوەندیی نێوان هەریەك لەم وشانە بەشێوەیەکە لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و یەکتری تەواوکردنە، بەم پەیوەندییەش دەوترێت هاوڕێیەتی واتە هاوڕێیەتی و پەیوەندی لەنێوان وشەکاندا هەیە.

٢- پەیوەندیی ئاسۆیی ناچاری /بەبەردبوو /چەسپیو:

١٤- بەهار گوڵەکانی خۆی
پاشەکەوت کرد
بۆ ساڵێکی دی (ل:٤٦٧)

پەیوەندیی نێوان (بەهار و گوڵ) پەیوەندییەکی بەبەرد بووە، کە دەڵێین بەهار ڕاستەوخۆ گوڵ و سەوزایی دەکەوێتە بیرمان ، وەهەرکاتێك ناوی (پایز) بهێنرێت بیرمان بۆ (گەڵاوەرین و زەرد بوونی گەڵای دار) دەچێت، کەواتە پەیوەندیی نێوان ئەم وشانە بەناچارییە و بەندە بەڕێککەوتنی کۆمەڵەوە.

١٥- دڵم هەڵدەدەمە
خۆڵەمێشی ئۆقیانووسێکەوە
دەشێ
نەهەنگێك
عاشقی بێ (ل:٤٥٨)

بەهەمان شێوە (نەهەنگ) لە (ئۆقیانۆس)دا دەژی بۆیە پەیوەندییەکە ناچارییە، چونکە نەهەنگ لە ئۆقیانۆسدا دەژی و بەم پەیوەندییەش دەوترێت ناچاری.

دووەم: هەمبەری: ئەم پەیوەندییانە دەگرێتەوە:

١- هەمبەری فرێزی:

١٦- مافی مرۆڤ/ هێستری ئاوس/ کەڵەشێری مێینە/
مریشکی نێر/ هێلکەی شەمشەمە کوێرە

سوورێنەی هێلکە/زەردێنەی خوێن

جووتێ پێڵاوی تاکە و تاك/ مافی مرۆڤ (ل:٤٤)

لێرەدا هەریەك لە وشەکانی (هێستری ئاوس، کەڵەشێری مێینە، مریشکی نێر، هێلکەی شەمشەمەکوێرە، سوورێنەی هێلکە، زەردێنەی خوێن) هەمبەری فرێزین، کە لە ئەنجامی نەگونجانی واتای ئەو وشانەوە دروست بووە کە خراونەتە پاڵ یەك، دیارە مەبەستی شاعیر لێرەدا ئەوەیە لەم وڵاتەدا شتێک نییە بە ناوی مافی مرۆڤ.

١٧- چاڵی بەرز/ چیای قووڵ

پێڵاوی سەری کەچەڵ/ شەبقەی پێی ماندوو

دەمانچەی ئاشتی/کۆتری شەڕ/بەردی نەرم/تەمی ڕەق (ل:٢١٤)

وشەکان لەم فرێزانەدا پێکەوە ناگونجێن و بەپێچەوانەوە بەکارهاتوون (چاڵی بەرز، چیای قووڵ پێڵاوی سەری کەچەڵ، شەبقەی پێی ماندوو، دەمانچەی ئاشتی، کۆتری شەڕ، بەردی نەرم، تەمی ڕەق) بۆیە بوونەتە هەمبەری فرێزی.

٢- هەمبەری سینتاکسی:

١٨- سەدەیەکی سەیرە

مار دەفڕێ

بولبول دەوەڕێ

گوڵ هاژە هاژ دەکا

ئاو پێدەکەنێ

دارستان گڤەگڤ دەکات

با میوە دەگرێ

سەگ شیعر دەنووسێ

قیر وەك بەفر سپییە (ل:١٨_١٩)

ئەم دێڕە شیعرانە کە هەر نیوەدێڕێك لە ڕستەیەك پێکدێت کە واتاکانیان تەنها بۆ شیعر دەست دەدەن و مەبەستێکی تری لە پشتەوەیە، بۆ ئاخاوتنی ئاسایی ناگونجێن (مار دەفڕێ ، بولبول دەوەڕێ، گوڵ هاژە هاژ دەکا، ئاو پێدەکەنێ،

دارستان گڤەگڤ دەکات، با میوە دەگرێ، سەگ شیعر دەنووسێ، قیر وەك بەفر سپییە) ئەم دێڕە شیعرانە کە هەریەکێکیان ڕستەیەکی تەواون هەمبەری سینتاکسین، نەگونجانی واتای سیمانتیکی کەرەستەکانی ناو ڕستەکانە.

١٩- جارێکیان ڕێم کەوتە وڵاتێك/ پشیلە قسەی دەکرد
مرۆڤ دەوەڕی/ دار دەیمیاواند/ سەگ دەیحیلاند (ل: ١٠٠)

(پشیلە قسەی دەکرد، مرۆڤ دەوەڕی، دار دەیمیاواند، سەگ دەیحیلاند) هەمبەری سینتاکسین کەرەستەکانی ناو ڕستەکان لەهەر نیوە دێڕێکدا لەڕووی واتاوە ناگونجێن.

ئەنجام

١- پەیوەندییە واتاییەکان پەیوەندی و پێکەوە هاتنی کەرەستەکانی زمانە کە لەکاتی ئاخاوتندا قسەکەر ڕەچاوی دەکات، بە هەمان شێوە لەزمانی ئەدەب و شیعریشدا ڕەنگ دەداتەوە و جوانی بە دەقەکە دەبەخشێت، پەیوەندیی واتایی دوو جۆرە: ئاسۆیی و ستوونی.

٢- پەیوەندیی ئاسۆیی پەیوەندیی وشەکانی نێو ڕستەیە لەگەڵ یەکتریدا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و یەکتری تەواوکردن دامەزراوە، پەیوەندیی ئاسۆیی دوو جۆرە (هاوڕێیەتی، هەمبەری) ئەم پەیوەندییەش لە شیعرەکانی شاعیر (لەتیف هەڵمەت) دا دەبینرێت هەر دوو جۆری لە دێڕە شیعرەکاندا خستومانەتە ڕوو.

٣- پەیوەندیی ستوونی پەیوەندیی وشەکانی نێو ڕستەیە لەگەڵ وشەی تری زمانەکە لە دەرەوەی ئەو ڕستەیە کە بتوانن جێی یەکتری بگرنەوە بەمەرجێك کار لە پێکهاتەی ڕێزمانیی ئەو ڕستەیە نەکات، لە پەیوەندیی ستوونیدا ئەم دیاردانە بەرچاو دەکەوێت (هاوواتا، دژواتا، لێڵی، فرەواتا، هاوبێژ، هایپۆنیم) ئەم دیاردانەش لە شیعردا بە زۆری بەرچاو دەکەوێت و سەرجەمیان لە دێڕە شیعرەکاندا ئاماژەمان پێکردووە.

٤- سەرجەم ئەم دیاردانە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا بە ڕوونی دەبینرێن و ئاماژەمان بۆ کردوون.

سەرچاوەکان

نامەی ئەکادیمی/

١- فەرهاد تۆفیق حسن، ٢٠١٠، پەیوەندییە واتاییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.

کتێب/

٢- دارا حمید، ٢٠١٠، واتاسازی، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی، چاپی یەکەم.

٣- دارا حمید، ٢٠١٤، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم.

٤- تالیب حوسێن، ٢٠١١، واتاسازی (چەند بابەتێکە لێکدانەوەی واتای وشە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥- غازی علی خورشید، ٢٠١١، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٦- محمد معروف فتاح، ١٩٩٠، زمانەوانی، هەولێر.

٧- محمد معروف فتاح، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

٨- نەریمان عبداللە خۆشناو، ٢٠١٤، ڕستەسازی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.

٩- لەتیف هەڵمەت، ٢٠٠٦، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دوەم، چاپخانەی پەیف، سلێمانی، چاپی دووەم.

ملخص البحث

العلامة المعنوية الأفقية والعمودية في شعر لطيف هلمەت

هذا البحث بعنوان (العلامة المعنوية الأفقية والعمودية في شعر لطيف هلمەت) اذ حدث فيه العلاقات المعنوية الأفقية والعمودية في المفردات التي وردت في أشعار الشاعر المذكور.

أهمية البحث وأسباب اختياره:

العلاقات المعنوية موضوع يندرج تحت علم الدلالة، ومن وظائف هذا العلم دراسة علاقات المفردات و وظيفتها في المعنى وانتاج عملية التكلم، أو استعمال مفردات اللغة التي يتناسب بعضها مع بعض، وتكرارها في عداد لانهاية لها في الجمل، وهذه الظاهرة تتجلى بصورة واضحة فى اللغة و الادب، وهذا هو السبب الرئيس في اختيار عنوان البحث الذي لم يطرق لها من قبل.

منهج البحث وآلياته:

أما المنهج الذي اتبعه في كتابة هذا البحث هو المنهج الوصفي، وذلك لأن أشعار قد عبرت عنها بلغة التواصل والتكلم، والآليات التي استفدت منها في بحثي هذا أشعار لطيف هلمت، وأبرز فيه العلاقات المعنوية.

هيكل البحث:

أما هيكل البحث فيتكون من مقدمة يليها فصلان. فتحدثت في الفصل الأول عن مفهوم وتعريف العلاقة المعنوية وأنماطها.

أما الفصل الثاني مخصص لظاهرة المعنى على مستويي الأفقى والعمودي في أشعار الشاعر المذكور، وفى الخاتمة أشرت الى مجموعة من النتائج توصلت اليها في بحثي هذا.

Abstract

The out line of the research
Horizontai andverticalmeaning relation in (Latif Halmat) poems

This research is in tatled as(Horizontai andverticalmeaning relation in (Latif Halmat) poems, coming wordstogeter relation in the lines, in both horizontal and vertical level are clearly indicated.

The importance and reason of selection the research:

Meaning relations are semantic subjects, that include the relation are semantic subjects, that include the relation of coming of language words together to convey the perfect message and conclude dialogue action. Or harmonizing the language words together and repeationg innumberable in meaningful sentences.

The materoal and method of the research:

The research is adhered to descriptive method becauce the language of the poems is written in todays conversation language.

Regarding the research material,the poems of akurdish poet (Latef halmat) are used.

This research consists of two parts except introduction and conclusion:

In the first part, the concept, the definition of meaning relation , the types of meaning relation, and noun phenomenon are stated.

In the second part, meaning phenomenon in both vertical and horizontal level in the poems are explained.